# KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە،
لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت،
ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە.
سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

**20 Mei . 2019 No. [49]**
Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

**لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..**

با بۆ تەنها جارێک کورد بوون یەکمان بخات، با دەنگمان بۆ (شەم ئەحمەد)بێت

لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپا ڕۆژی 23-5-2019، نوسینی خالید ڕەزا ئەمین ل 1

بۆچی بێوار...؟ بەشی پێنجەم و شەشەم، نوسینی هیوا سەرهەنگ ل 2 و ل 3/ دوو نوسینی
کورتی زانستی مامۆستا لوقمان حەویز بە ناونیشانی(لەچی دروست بووین و پیم وویل) ل 3

سەدەیەک بەسەر جینۆسایدی پۆنتۆسەکاند..! نوسینی: بەکر شوانی ل 4

Tتابلۆی لیدی گۆدیڤا وەرگێڕانی موفەر عەزیز- ئەڵمانیا، ل4

ئەتاتورک لە خەیاڵی هیتلەر و نازەییەکاندا........دکتۆر جەبار قادر ل 5 .

گۆشەی هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە ل 6.

هونەرمەندی شێوەکاری کورد:
ئیسماعیل خەیات ل 8



KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەوالییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

20 Mei 2019 Tel&viber&WhatsApp: +31684950807

Emai: sardarfatah@live.nl 49 ژمارە 20 مایسی 2019

# با بۆ تەنها جارێک کورد بوون یەکمان بخات، با دەنگمان بۆ (شەم ئەحمەد)بێت لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپا ڕۆژی 23-5-2019

## خاتوو شەم ئەحمەد لەسەر لیستی پارتی کاری هۆڵەندی پاڵێوراوە بۆ پەرلەمانی ئەوروپـــــا

### بانگەوازێک
### بۆ کۆچبەرانی کورد لە هۆڵەندا.. !

**خالید ڕەزا ئەمین**

با دەنگمان بۆ شەم ئەحمەد بێت !

کوردستانیانی ئازیز، وەک دەزانن ڕۆژی 23-5-2019 لە هۆڵەندا دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی پارلەمانی ئەوروپا بەڕێوە دەچێت. ئەوروپای یەکگرتوو، ئەوروپایەک کە یاسا و ڕیساکانی بەرگری لە یەکیتیی ئەوروپا بکات، بەرگری لە ژینگەیەکی پاکوخاوین بکات، ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ و دژی ڕەگەزپەرستی و جیاکاری ڕەنگ و پیست بێت.


گرنگە لەو ڕۆژەدا کوردستانیانی هۆڵەنداش بچن بۆ دەنگدان بۆ جێبەجێکردنی مافی دەنگدان و ئەرکی دەنگدان.

خۆشبەختانە لە سەر ئاستی هۆڵەندا، کچە خویندکارێکی کورد، کە لەخێزانێیکی نیشتمانپەروەر لە باشوری کوردستانەوە هاتوون بۆ هؤڵەندا، کاندیدی ژمارە 13 یە لەسەر لیستی پارتی کاری هۆڵەندی PVDA .

شەم ئەحمەد کە ئێستە لە یەک کاتدا سەرگەرمی خوێندن و ئامادەکردنی دوو ماستەرنامەیە لە زانکۆی Tilburg دەخوێنێ (ماستەرێکیان لەسەر یاسای نێودەوڵەتییە و ماستەری دووەمی سەبارەت بە قوربانییە، جا قوربانی جەنگ بێت، یان قوربانی ڕووداوی سروشتی).

شەم بۆخۆشی خۆلیاو ئارەزووی سیاسەتی هەیە و پێی وایە خەون و خولیاکانی لەڕێی سیاسەتەوە دەتوانێت بیانهێنێتە دی. بۆیە زۆر گرنگە بۆ ئێمەی کۆچبەران و کوردستانیانی هۆڵەندا، هەر کەسە و لای خۆیەوە بەبێ جیاوازیکردن لە بیروباوەڕ و ڕەنگ و ناوچە و ئێل... بە دەنگی خۆمان و کۆکردنەوەی دەنگی نزیکەکانمان متمانەمان ببەخشین بە (شەم ئەحمەد) کاندیدی ژمارە 13 لە لیستی حیزبی کار PVDA (سۆسیال-دیموکرات).




ئەم نووسین و بانگەوازەی لێرەدا بڵاودەکرێتەوە، هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بە حیزبایەتی و خزمایەتییەوە نییە، نە شەم خۆی و نە خیزانەکەشی سەر بەو حیزبە نین لە وڵاتی دایک، کە من بۆ خۆم دەنگ و ڕەنگمی پێ دەدەم.

ئەوەی هانی داوم ئەم بانگەوازەی بۆ بنووسم، بیرکردنەوەی (بان حیزبی بان ئایدۆلۆجیایە) و دەمەوێت وەک کوردێک دەنگ و متمانەی خۆم بەم کچە کوردە خویندەوارە ئارەزومەندە ببەخشم، بۆیە داوای کوردانە و هاونیشتمانیانەم لەسەرجەم کوردستانیانە بەبێ جیاوازی ڕەنگ و ئایدۆلۆجیا با هەرکەسە و لای خۆیەوە:

یەکەم: لە ڕۆژی دەنگداندا هەموومان ڕوو لە سندوقەکانی دەنگدان بکەین و تەنها 20 خولەک لەو کاتە زۆرەی هەمانە بۆ دەنگدانی تەرخان بکەین و کەمتەرخەمی نەکەین.

دووەم: هەرکەسە لای خۆیە هەڵمەتی یەکەم: لە ڕۆژی دەنگداندا کۆکردنەوەی دەنگ بۆ خاتو شەم ئەحمەد دەست پێبکات. سەرکەوتنی کەسانی وەک ئەم گەنجە زمانزان و خاوەن بڕوانامانە سامانیکی نیشتمانیی گەورەن و دەبنە ناوکی لۆبی کوردی باڵیۆزی پرسی نەتەوەیەک لە داهاتوودا. بەهیوای ئەوەی لەشەوی جیاکردنەوەی دەنگەکاندا هەموومان هەواڵی سەرکەوتنی شەم ببیستین.

# بێوار کاتێک بە مێژووی میللەتی کورددا ڕۆ دەچوو، باسی میر و ئەمارەتەکانی دەکرد و باسی سەرکەوتن و دواکەوتن و زیانەکانی دەکرد، چ وەک یادەوەری یان بەرچاوهێنانەوەی مێژوو..

## بۆچی بێوار ...؟! هیوا سەرهەنگ
## بەشی پێنجەم ...




چاوپێکەوتنەکان..

1– سەرۆکی مەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردی لەندەن، ئەمین قادر ( مینە).

2– هونەرمەندی گەورەی کورد مامۆستا جەلال عەزیز.

3– هونەرمەند و شاعیر خالید دلێر.

4– د. فوئاد مەعسوم.

5– بەهادین نوری.

6– شێرکۆ بێکەس.

7– جەلال بەرزنجی.

8–رۆب ڤان ئێسن ( رۆژنامەنووسی هۆڵەندی).

9– جەوهەر کرمانج .

10–کۆمەڵەی کوردی کوێت.

11– برایمی مەجید پور.

12– د. جەمیل شەڕەف.

13– جەواد مەلا.

14– د. جەمال نەبەز.

15– هونەرمەند عومەری کەریم ئاغا

16 .کەمال نوری مەعروف.

17– شۆڕش قادر.

18– فەرید زامدار.

19–دەزگای سەردەم.

20– مامۆستا ڕووناک رەئوف.

21– مامۆستا ساڵح محەمەد ئەمین.

22– هونەرمەند محەمەد جەزا.

23– محەمەدی حاجی مەحمود.

24– گفتوگۆیەک لەگەڵ مامۆستای قوتابخانەی شەرەفخانی بەدلیسی.

(پەیامنێری بێوار لە پاکستان – کاروان عەلی بچکۆل). بێوار کاتێک بە مێژووی میللەتی کوردا ڕۆ دەچوو، باسی میر و ئەمارەتەکانی دەکرد و باسی سەرکەوتن و دواکەوتن و زیانەکانی دەکرد، چ وەک یادەوەری یان بەرچاوهێنانەوەی مێژوو، مەبەست وانە وەرگرتن لە هەڵەکانی مێژوو، سارێژ کردنی ئازارەکانی مێژوویەکی پڕ خەبات و قوربانیدان، ئاخر بێوار دەیزانی گەر ڕووداوە دزێوەکان نەوەستێنرێت، مێژووە نەرێنییەکانی کورد چەندبارە و چەند بارە دەبێتەوە.

بێوار خەمی هەموو مرۆڤایەتی دەخوارد، خەمی هەموو چەوساوەکانی دنیاشی لە کۆڵ نابوو، وێڕای ئازارە قووڵەکانی میللەتەکەی خۆی، هەر بۆیە هەمیشە ئامێزی لاپەڕەکانی کرابوونەوە بۆ بابەتە جیهانییەکان و ڕووداوە دڵتەزێنەکان بۆ بێ نان و برسییەکان. بێوار و خێزانی بێوار وەک هەر کوردێکی تری دڵسۆز بە دۆزی نەتەوایەتی بڕوای تەواوی بە دەوڵەتی کوردی و جیابوونەوە و یەکگرتنەوەی هەموو پارچە داگیرکراوەکانی کوردستان هەبوو، ئەوە بڕوا مەزنەکانی بنەمای دامەزراندنی بوو، هەر لە سەرەتاوە ئەو دەمانەی میللەت بۆخۆی خۆی ڕێکدەخست و ڕووناکبیرانی لە هەوڵی یەکلاییکردنەوەی ئایندەی کوردا بوون، ئەو دەمانەی کورد یەکڕیز و عێراقی دوای بەعس لاواز بوو، ئەو دەمانە ( بێوار ) هاوپشت و هاندەری ئەو ریفراندۆمە بوو کە میللەت بۆخۆی دەکرد و تەواوی میللەتیش دەنگی پێدا نەک هەر زۆربەی .. ژمارەکانی بێوار گەواهی لەسەر پشتگیری بێوار دەدەن بۆ ریفراندۆم ساڵی 2004 هەڤپەیڤینی لەگەڵ ڕووناکبیراندا سازدەدا، ئەمەش چەند دێڕێک لە راو بۆچوونەکان: ڕووناکبیر عەبدولرەزاق شەریف ئاوا باس لە ریفراندۆم دەکات: ئەگەر دیموکراسی وێردی سەرزار و داواکاری هەمووان بێت، من پرۆسەی ریفراندۆم بە رایەڵەکانی ئەو ئاوازە و پاڵنەر و لا پاڵی ئەو داواکارییە دەچوێنم، بە داخەوە گەلی کورد لە ژێر کاریگەرێتی کوێرانەی گوتاری حزبییەوەیە، زۆر جار ئەم سەرلەقاندنە گورزی کوشندەی لە بزووتنەوەی کوردایەتی داوە، هۆی ئەمە ئەوەیە تا ئێستا کەشتی چارەنووسمان هەر چەند سەوڵێک ئاژوویەتی، ئێستاش پلاکی کارەبایماڵەکانمان لە بارەگای لق و مەڵبەندەوە دادەگیرسێ و ئەکوژێتەوە. نووسەر و ڕووناکبیر محەمەد جەزا بەرزنجی، لە سەرەتای وەڵامی پرسیارەکەماندا لەسەر ریفراندۆم دەڵێت: پرۆسەی ریفراندۆم لە سازکردن یان هەڵرەخساندندا فاکتەری سەرەکی سەرکەوتنی لە سەربەخۆبوونی رادەربڕیندا دەبینێت، ئەم سەربەستییەش بێ تێگەیشتنی هەمەلایەنەی زانستیانەی خودی سەربەستی، هیچ کات بە کاملی بەرجەستە نابێت، بیرۆکەی ریفراندۆمیش لەگەڵ ئەوەی پابەندی خستنەڕووی ویست و ئارەزوی جەماوەرە، وەڵامێکی یەکسەری چیمان دەوێشە .. بەڵام بە سیاسەتکردنی حزبی ویست و ئاکامێک جودایە لە مەسەلەی ریفراندۆم. نووسەر و ڕووناکبیر مەحمود رەزا لە وەڵامی بێوار و لە دوا خاڵیدا سەبارەت بە ریفراندۆم بەم جۆرە رای خۆی دەربڕیوە: ئەو کایانەی هەردوو حزبە گەورەکە لەبەر زۆر هۆ، ناتوانن بە ئاشکرا بیکەن، بزووتنەوەی ریفراندۆم بێ سێ و دوو دەتوانێ خۆی تێبهاوێ و بە ئازادی کایەی خۆی بکا، ڕێنمایی دۆستانەشم بۆ دەستەی باڵای بزووتنەوەکە ئەوەیە خۆیان لێ بایی نەبێ .. بزووتنەوەکە بەرەو ئاکاری لە دایکبوونی حزب نەبەن هەتا بە جەماوەری بمێنێتەوە، جەماوەر بەدوایانەوە دەبێت.

نووسەر و ڕووناکبیر و ڕۆژنامەنووس شەفیقی حاجی خدر لەسەر ریفراندۆم و لە وەڵامی بێواردا دەڵێت: پێویستە گەل بە خێراییش بێت وەک سەرهێڵێک باس لە بوونی پرۆسەی راپرسی لە نێو خودی دیموکراسیدا باس بکرێت. ڤینۆس فایەقی شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس لە بێواری ژمارە 94 ی ساڵی 2004 دا لەسەر ریفراندوم لە بەشێکی پەیڤەکەیدا ئاوا رای خۆی دەربڕیوە: ئەگەر لە هەر جێگایەک ریفراندۆم کرا دەبێت ئاکامی هەبێت، ئیدی تا چ رادەیەک ئەو ئاکامە جێبەجێ دەبن، خۆ هەر ئەوە نیە ریفراندۆم بکرێت و هەرکەس بچێتەوە ماڵی خۆی دابنیشێت، داخوا تا چ رادەیەک دەسەڵات گوێ لە (رای) گەل دەگرێت. بڕوانە ل 3

# بۆچی بێوار ...؟!
## بەشی شەشەم ...



شیهاب عوسمان — قادر وەرتی — ڤینۆس فایەق


ئازاد سماقولی — شێرزاد هەینی — پەیمان سەرهەنگ

شەهێن — سلێمان عەبدوڵڵا یونس — ئازاد مەریوان سەرهەنگ

بێوار، جگە لەو بابەتانەی لەلایەن نووسەر و شاعیر و ڕوناکبیرانەوە دەگەیشتنە لاپەڕەکانی، بۆخۆیشی چەندین پرسی هەنوکەیی و سەردەمیانەی وەک پرسیار دەهێنایە بەرباس و ڕادەربڕین و کەشێکی ئازادیشی سازاند بوو بۆ هەموو راو بۆچوونە جیاوازەکان، لە یەکێک لەم چالاکیانەیدا سیمینارێکی دووربەدووری لەگەڵ چەندین نووسەر و ڕوناکبیر سازدا، کە چەند لایەنێکی دێنینەوە یاد: لەسەر ( ئەمڕۆی ڕەوتی چەپی کورد و دنیاش بە شێوەیەکی گشتی چۆن دەخوێننەوە)؟: نووسەر و ڕۆژنامەنووس سلێمان عەبدوڵڵا یونس، لە بەشێکی وەڵامی پرسیارەکەدا دەڵێت: (من پێم وایە نەک ڕەوتی چەپ بەڵکو ئایدۆلۆژیای مارکسیەتیش، کە ماکی هەموو جووڵانەوەیەکی چەپە، دەمێکە گەیشتوونەتە بنبەستێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی، بنبەستێکی وا کە ئیدی چیدی ماکیاژکردنی بۆ هەوادارانی ئەو ڕەوتە مەیسەر نابێت). نووسەر و ڕوناکبیریش مەحمود ڕەزا لە وەڵامی هەمان پرسیاردا دەڵێت : (چەپ نەلەسەر ئاستی کوردستان و نەلەسەر ئاستی دنیا، یەک ڕەنگ و یەک دەنگ نییە، ئەنواع و ئەشکال چەپ هەیە: چەپی منداڵانەی سەرلێشێواو، چەپی بە قسە چەپ و بەکردەوە ناچەپ، چەپی ماقوڵ و براگماتی و چەپی ناماقوڵ و یۆتۆبیا، بە گشتی چەپی منداڵانە لە کوردستان لە قەیراندایە. چەپی براگماتیش لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە هەر لە قەیراندایە، بەڵام لە هەوڵدایە بۆ بەخۆداچوونەوە. نووسەر و شاعیر و ڕوناکبیر محەمەد جەزا بەرزنجیش لە وەڵامی هەمان پرسیاردا ئاوا دەڵێت: (گەر قسە لەسەر گۆڕانکاری بکرێت .. گۆڕانکاری هەمەلایەنە و هەمە چەشنە لەگەڵ دروستبوونی دنیادا بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیشەوە، بەپێی قۆناغەکانی ژیان و کاریگەری یاساکان لەسەر (بوون) گۆڕانکارییەکی پێ وێران بووە)، لە بوارێکی تری هەمان وەڵامدا دەڵێت (ناشکرێت دارمانی یەکێتیی شۆڕەوی ناو ببرێت بە گیرسانەوە). ڕوناکبیر و نووسەر برایمی مەجید پور لە وەڵامی هەمان پرسیاردا دەڵێت: (بە داخەوە هەموو ڕێکخراوەکانی غەیری کوردی بە ڕاست و چەپەوە بەڵێنمان پێدەدەن ئەگەر دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت بە خێری خۆیان شتێکمان دەدەنێ! خوا لێیان بەزیاد نەکات. نووسەر و سیاسەتمەداری کوردیش مستەفا شەڵماشی لە وەڵامی هەمان پرسیاردا دەڵێت: ( بەشێک لە چەپەکان لە نێوان بەرەی ڕۆژئاوا و بەرەی دیکتاتۆرە سەرەڕۆکانی هێندێک ناوچەی جیهان وەک ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، بەرەی دیکتاتۆرەکان هەڵدەبژێرن، ئەوان هێشتا هەر کەڵک لە تیۆرێکی کۆنی دۆگما وەردەگرن، کە بەپێی ئەو تیۆرە گەورەترین بەڵای مرۆڤایەتی لە ئیمپریالیزمدا دیوەتەوە، کە سەرکردەکەی ئەمریکایە و پایەکانی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوان.

چاوەڕوانی بەشی حەوتەم بن...

# لەچی دروستبووین...؟
## لوقمان حەوێز



ڕەش پێست بیت یان سپی پێست، جوان یان ناشیرین، پاشا بیت یان هەژار، هەر کێ بیت، تۆ و هەموو کەسێکیش بەبێ جیاوازی لەم توخمانەی خوارەوە دروست بوون... بڕی 99% ی هەموو لەشی هەموو مرۆڤێک تەنیا لە گەردیلەی 6 توخم دروست بووە، ئەوانیش بریتین لە: کاربۆن، ئۆکسجین، هایدرۆجین، نایترۆجین، کالیسیۆم و فۆسفۆر... بڕی 0.85 لەو سەدا یەکەی کە دەمێنێتەوە لە لەشی مرۆڤ لە پێنج توخمی تر پێک دێن ئەوانیش بریتین لە: پۆتاسیۆم، کبریت، سۆدیۆم، کلۆر و مەگنیسیۆم...



ئەو 11 توخمەی سەرەوە پێکهاتەی هەرە سەرەکی لەشی هەموو مرۆڤێکن بەبێ جیاوازی، هەموو ئەم توخمانەش لەسەر زەوی هەن، گۆی زەوی دایکی هەموومانە!...تێکساس

# پین وویڵ



ئەمەش یەکێکە لە گەلەئەستێرە زەبەلاحەکان، کە بە بەراورد بە فراوانی گەردوون زۆر دوور نییە لە ئێمەوە،"پین وویڵ" گەلەئەستێرەیەکی شێوە لولپێچی زۆر زەبەلاحە، کە بە M101 یش ناسراوە، دووریەکەی نزیکەی 21 ملیۆن ساڵی تیشکیە لە گەلەئەستێرەکەی ئێمە، پتر لە یەک ترلیۆن ئەستێرەی تێدایە (واتە هەزار ملیار، ملیارێک هەزار ملیۆنە)، بیری لێبکەنەوە..! ژمارەکە زۆر گەورەیە، واتە نزیکەی پێنج ئەوەندەی ژمارەی ئەستێرەکانی گەلەئەستێرەکەی ئێمە کە ڕێی کاکێشانە، تیرەکەی نزیکەی سەدو حەفتا هەزار ساڵی تیشکیە... لە وێنەکەدا کە بە تەلەسکۆپی هابڵ چرکێنراوە سەرنج بدەن گەلەئەستێرەی زۆر زۆر بچوک دەبینن لە دەوروبەر، هەروەها پشت ئەم گەلەئەستێرەیە، ئەوانە هەندێکیان ملیارەها ساڵی تیشکی دوورن لە ئێمە... بیریشمان نەچێت، ئەمە یەک گەلەئەستێرەیە و لە گەردوونی بینراو پتر لە سەد ملیار گەلەئەستێرە هەیە، سەرسوڕهێنەرە، وانییە...؟

# سەدەیەک بەسەر جینۆسایدی پۆنتوسەکاندا تێدەپەڕێت... بەکر شوانی







١٩ی ئایاری ئەمساڵ ١٠٠ ساڵ بەسەر کوشتوبڕی ٣٥٣ هەزار پۆنتوس "ڕۆم" و دەرکردنی ملیۆنێک و دووسەد و پەنجا هەزاری تریان بۆ یۆنان تێدەپەڕێت. پۆنتوسەکان دانیشتووانی ڕەسەنی شار و ناوچەکانی سەر کەناری دەریای ڕەش بوون، لەو جوگرافیایەی کە دوای شەڕی جیهانیی یەکەم ناوی "کۆماری تورک"ی بەسەردا سەپێندرا. لە چوارچێوەی "ئۆپەراسیۆنی خاوێنکردنەوەی ئەناتۆلیا لە پێکهاتە نا موسڵمانەکان" لە ١٩١٤ تا ١٩١٨ لە سەردەستی ئیتیحاد و تەرەقیچییەکان و لە ١٩١٩ تا ١٩٢٣ بە فەرمانی ئەتاتورک ٣٥٣ هەزار مرۆڤی پۆنتوس کوژران.

شێوازەکانی کوشتن بریتی بوون لە:

– لاقەکردنی کچان و ژنانی پۆنتوس لەبەرچاوی کەسوکاریان و پاشان جیاکردنەوەی سەریان لە جەستەیان.

– پڕکردنی ئەشکەوتەکان لە ژن و منداڵ و پۆنتوس لە هەموو تەمەنەکان و سووتاندنیان.

– کۆکردنەوەی پۆنتوسەکان لە کلێساکاندا و سووتاندنی کلێساکان و هەرکەسێکیش کە دەهاتە دەرەوە، دەستبەجێ لەلایەن تورکەکانەوە دەکوژرا.

– دامەزراندنی سەدان دادگای سەرپێی و حوکمدان و لە داردانی پۆنتوسەکان بە بەرچاوی "دادوەرەکان"ەوە. سەرچەتەی ئەو کۆمەڵکوژییە ژەنەراڵ عوسمان تۆپاڵ بوو. تۆپاڵ لە کۆتایی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی بە فەرمانی تەڵعەت پاشا لە جینۆسایدی ئەرمەنەکاندا بەشدار بوو، پاشان چووە پاڵ ئەتاتورک و ئەرکی لەناوبردنی پۆنتوسەکانی پێ سپێردرا. پاشماوەی پۆنتوسەکان کە ١ ملیۆن و ٢٥٠ هەزار کەس بوون، لەگەڵ تورکەکانی یۆنانستاندا گۆڕینەوەیان پێکرا و بەوجۆرە تاکە پۆنتوسێکیش لە نیشتیمانی ڕەسەنی خۆیان لە کەناری دەریای ڕەش "باکوری تورکیا" نەمان و ناوچەکە بە تەواوەتی تورکێندرا. چوارینەی "بەسەرهاتی دوورگەیەک"ی یاشار کەمال، باس لە پرۆسەی گۆڕینەوەی پۆنتوسەکانی تورکیا بە تورکەکانی یۆنانستان دەکات. چەند ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی هەوڵیان دا ١٩ی ئەم مانگە بە چەند چالاکییەک یادی سەد ساڵەی ئەو تاوانە مەزنەی مێژووی مرۆڤایەتی بکەنەوە و بۆ ئەو مەبەستە مۆڵەتیان لە شارەوانیی ئەنقەرە، کە لە دەستی جەهەپەدایە، وەرگرت، بەڵام پارێزگاری ئەنقەرە مۆڵەتەکەی هەڵوەشاندەوە و هەموو چالاکییەکی بەو بۆنەیەوە قەدەغە کرد، چونکە دەوڵەتی تورک بە فەرمی جینۆسایدی پۆنتوسەکان ڕەت دەکاتەوە. بڕیار بوو لە چالاکییەکی ئەنقەرەدا فیلمی بەڵگەنامەیی "The Band" لە دەرهێنانی دەرهێنەری یۆنانی نیکۆس ئەسلانیدیس نمایش بکرێت. ئەسلانیدیس هەمان کات دەرهێنەری فیلمی "ئێکسپرێسی نیوەشەو"ەکە، باس لە کۆمەڵکوژیی ئەرمەن و پۆنتوسەکان دەکات و لە تورکیا قەدەغە کراوە. بۆ زانیاریی زیاتر بە زمانی تورکی بڕوانە کۆمێنتەکانی یەکەم و دووەم...

https://www.yenisafak.com/gundem/19-mayisa-soykirim-hakareti-3471330

https://akunq.net/tr/?p=29970&fbclid=IwAR3_uvVaETzVe6Bze9bNdbhG3FYXdtQW4

# تابلۆی لێدی گودیڤا وەرگێڕانی موزەفەر عەزیز




ئەم تابلۆیە لەلایەن نیگارکێش ونووسەری ئینگلیز جۆن کۆلیەر"١٨٥٠–١٩٣٤" کێشراوە، کە ناسراوترین نیگارکێشی وێنەیی بووە لەو سەردەمەدا و ساڵی ١٨٧٥ لەمیونشن خوێندویەتی و لەتەمەنی ٢٥ ساڵیدا بەو تابلۆیە ناوبانگی دەرکردووە. تابلۆکە چیرۆکی شاژنێکی ناوازە دەگێڕێتەوە کە لەبنەماڵەی ئینگلۆسەکسۆنە و لەسەدەی یازدەدا ژیاوە، داستانەکەش لەسەدەی سیازدەدا باسی لێوەکراوە، کە شاژن ڕۆژێک داوا لەهاوسەرەکەی (شا لیوفریک)دەکات، کە پادشای کوفنتری بووە، تاکو باج لەسەر خەڵکە بێئومێدەکەی کەمکاتەوە، بەڵام داواکەی ڕەتدەکرێتەوە، ئیتر پاش پێداگریەکی زۆر، بەمەرجێکی ڕێگر رازی دەبێت، ئەویش گەربێت و لە شەقامەکانی لەندەن بەڕووتی بسوڕێتەوە، بەوهیوایە پێی وابووە ئەم مەرجە ئەستەمە و ناکرێ، بەڵام لەناکاو ڕۆژێک لەلایەن شالیارێکییەوە ئاگاداردەکرێتەوە، کە خانمەکەی لە شەقامەکانی لەندەن بەسەرپشتی ئەسپێکەوە بە ڕووت وقووتی دەسوڕێتەوە و شاریش بەتەواوی چۆڵە و کەس لەدەرەوە نییە، چون خەڵکەکە زانیویانە ئەمەی بۆ خزمەتی گەلەکەی کردووە، لە چاکە و خۆشەویستیی ئەمە، خەڵکەکە لەماڵەکانی خۆیان نایەنە دەرەوە و دەرگا و پەنجەرە و پەردەکانیش دێننەخوارەوە بۆ پاراستنی ئەو خانمەی، کە لە پێناو گەلەکەیدا خۆیکردۆتە قوربانی، لەوێنەکەشدا ئاشکرایە کە بەچ شەرمێکەوە لێدی گۆدیڤا سەری دانەواندوە و سواری ئەسپەکەبووە و بەپەخشکردنی پرچی لە شولاری داپۆشیووە و چەندین نیگارکێشی تریش بەشێوازی جیاواز وێنەو پەیکەریان بۆ دروستکردووە. چیرۆکەکەش بەم شێوەیەیە: شاژن لەپێناو بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی و بوردنی باج لەلایەن هاوسەرەکەی کە بەسەر دانیشتوانی کوفنتری سەپاندبوو دەسوڕێتەوە، بەڵام گودیڤا ڕۆژێک پێشتر پاسەوانەکانی ڕادەسپێرێت تا بەنهێنی خەڵکی شار ئاگادار بکەنەوە و لەماڵەکانیاندا بمێننەوە، هەمووش بەگوێیان کرد و جەماوەرێکی باشی هەبوو، تەنها پیاوێک نەبێت کە بووە سیخوڕ ئەویش بەرگدروو تۆم بوو، کە ناسراوە بە"تۆمی سیخوڕ"، دەگێڕنەوە دواتر لە تۆڵەی هەوەسبازییەکەی وەک سزایەکی ئاسمانی چاوەکانی کوێر بوون. ئەمەش وانەیەکی نیشتمانیی و هەستکردن بە گیانی لێپرساوێتییە، لەپێناو خوشبەختیی گەل و دەربڕینی هاوخەمی و هاوسۆزی، وێنەیەکیشە پێشکەشە بە هەموو مرۆڤێکی دڵسۆز و ئەمەکدار، کە خەڵک و خوا و نیشتمانەکەی خۆیان خۆشدەوێت و ئامادەن لەپێناویدا ئەستەمترین کاردا قوربانی بدات.

لە ویکیپیدیا و فریاد هوگۆ لەعەرەبییەوە وەرگیراوە..

# ئەتاتورک لە خەیاڵی هیتلەر و نازەییەکاندا........دکتۆر جەبار قادر



ئەوە زۆر باش زانراوە کە ئەدۆلف هیتلەر(١٨٨٩ – ١٩٤٥) لە هەڵکشانیدا بەرەو دەسەڵات لە ئەڵمانیا چاوی لە بنیتۆ موسۆلینی(١٨٨٣ – ١٩٤٥) دەکرد. مێژوونووسان پێیان وایە کودەتا سەرنەکەوتووەکەی میونیخیش لە ٨ و ٩ نۆڤەمبەری ١٩٢٣دا دووبارە کردنەوەی مارشەکەی موسۆلینی بوو بەرەو ڕۆما لە ساڵی ١٩٢٢. ئاخر هیتلەریش دەیویست دوای دەست گرتن بەسەر میونیخدا، بەرەو بەرلین بەڕێ بکەوێت و حکومەتەکەی ڤایمار بڕوخێنێ. کودەتاکەی شکستی هێنا و دەستگیر کرا، بەڵام دادگاکەی کرد بەگۆڕەپانی پڕوپاگەندە بۆ نازییەکان و شەرمەزار کردنی حکومەتەکەی ڤایمار. مێژوونووسانی ڕۆژئاوایی، کە سێنتەریزمی ئەوروپایی بنەمایەکی سەرەکییە لە کولتوری توێژینەوەیان لە مێژوو، هەوڵی ئەوەیان نەداوە بەدوای مۆدێلی تردا بگەڕێن بۆ ئەوەی بزانن، ئایە ئایدیۆلۆژیا و ستراتیژەکانی هیتلەر و نازییەکان سەرچاوەی تریان نیە. خۆ بەلای ڕۆژهەڵاتدا هەر ناچن، چونکە پێیان وا نیە سەرکردەکانی ئەو ناوچەیە بتوانن ببنە نموونە و مۆدێل بۆ ئەوەی لە ڕۆژئاوا چاویان لێ بکرێت. پیدەچێت لەم بارەیەوە بەهەڵەدا چووبن. مۆدێلەکەی مستەفا کەمال(دواتر ئەتاتورک) لە تورکیا سەرچاوەیەکی گرنگی ئایدیۆلۆژیا و ستراتیژی هیتلەر و نازییەکان بوو. هیتلەر بۆ خۆی دانی بەوەدا ناوە کە "ئەتاتورک مامۆستا بووە و ئەو و موسۆلینیش قوتابی". هیتلەر زۆر سەرسام بوو بە مستەفا کەمال بەتایبەتی لە بواری دەرکردنی هێزەکانی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لە تورکیا لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی. بەوردیش چاودێری ئەوەی دەکرد چۆن لەسەر کەلاوەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەوڵەتێکی نوێی دروست دەکرد. ڕووبەڕووبوونەی چکداری مستەفا کەمال لە دژی "ڤێرسای" و لێکەوتەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی سەرچاوەی ئیلهام بەخش بوو بۆ هیتلەر کە ئەویش زۆر لە دژی ئەو "ئاشتی"یە بوو، کە مەرجی سەختی بەسەر وڵاتە دۆڕاوەکەیدا سەپاندبوو. سەرسامیی هیتلەر بەرامبەر ئەتاتورک، تەنها لە دژایەتی کردنی لێکەوتەکانی ڤێرسایدا کۆتایی نەدەهات، بەڵکو ئەو بەوردی چاودێری هەنگاوە یەک لە دوای یەکەکانی ئەتاتورکی دەکرد، لە دامەزراندنی دەوڵەتی تاک نەتەوەی سیکولار و تۆتالیتار و چۆن پێگەی ئیسلامی لە باڵا دەستییەوە دەگۆڕی بۆ پاشکۆیەکی لاوازی دەوڵەت، بۆیە وەک توێژەرێک دەڵێت ئەتاتورک بۆ هیتلەر"ئەستێرەیەک بوو لە تاریکیدا".




ئاخر ئەمیش دەیویست لە ئەڵمانیا دەوڵەتی تاک ڕەگەز و تۆتالیتار دروست بکات و لە گەڵ ئاینی مەسیحیشدا بەهەمان شیوە هەڵسوکەوت بکات. ئەزموونی "دەوڵەمەندی" تورک لە قەلاچۆکردنی ئەرمەن و یونانی و گەلانی تردا، سەرچاوەیەکی ئیلهام بەخش تر بوو، بۆ هیتلەر بۆ هۆلۆکۆست و قڕکردنی جووەکان. کودەتای میونیخ زیاتر لەوەی لاسایی کردنەوەی موسۆلینی بێت، دووبارە کردنەوەی یاخیبوونەکەی مستەفا کەمال بوو، لە ئەنقەرە لە دژی دەروازەی باڵا لە ئەستەمول. سەرکەوتنی مستەفا کەمال و شکستی هیتلەر لەو هەنگاوەدا هۆکارێک بوو، بۆ بەخۆدا چوونەوە و خۆ ئامادەکردنی باشتر. ستیفان ئیهریگ پرۆفیسۆری مێژوو لە زانکۆی حەیفا لە کتێبە گرنگەکەیدا "ئەتاتورک لە خەیاڵی نازیدا"، کە لە ساڵی ٢٠١٤ لە زانکۆی هارڤارد بڵاوی کردۆتەوە، زانیاری زۆر لەم بارەیەوە دەخاتە بەردەم مێژوونووسان. ئەم زانیارییانە ناچاریان دەکات بە بۆچوونەکانیاندا بچنەوە سەبارەت بەسەرچاوە و ڕەگ و ڕیشەکانی ئایدیۆلۆژیا و ستراتیژی هیتلەر ونازییەکان. نووسەر لە ڕێگەی توێژینەوە و لێکدانەوەی قووڵی مەتریاڵەکانی ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیاوە، لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی ڕابردوودا بابەتێکی نوێی هێناوەتە گۆڕێ، کە بۆ دەمێکی درێژ بێدەنگی لێکراوە و پشت گوێ خراوە. ئەم توێژەرە بە بەڵگەی زانستی ئەوەی دەرخستووە، کە مستەفا کەمال لە ڕێگەی دامەزراندنی دەوڵەتی تاک نەتەوەی سیکولار و تۆتالیتارەوە، ئیلهامی بەخشیوە بەتیرانێک، ئەڵمانیا بکات بە لانکەی دەوڵەتی ناسیۆنال سۆسیالیزمی ئەوروپا. ئەم کتێبە کاتێ مستەفا کەمال وەک ئیلهام بەخش وێنا دەکات، مەبەستی ئەوە نییە وێنەیەکی نەرێنی ئەو پیشان بدات، ئەوەندەی مەبەستێتی لە سەرچاوە و ڕەگ و ڕیشەی ئایدیۆلۆژیای و ستراتیژی هیتلەر و نازییەکان بکۆڵێتەوە. ئەم کتێبەی پرۆفیسۆر ستیفان ئیهریگ ئەوە دەهێنێت بەوردی بخوێنرێتەوە و کەڵکی لێ وەربگیرێت.

بۆ ئەوانەی دەیانەوێت زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بەدەست بێنن، بڕوانە:

Stefan Ihrig, Atatürk in the Nazi Imagination, Harvard University Press, 2014.

# گۆشەی هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

## ئۆتۆمبێلێک خۆی کێشا بە فڕۆکەکەی مێرکلدا.




لەوکاتەی کە مێرکل دەیویست لە فڕۆکەخانەیەکی ناوخۆوە بگەڕێتەوە بەرلین، کچە شوفێرێکی ناو فڕۆکەخانە پەلەپەلی ئەوەی بوو سێلفیەک لەگەڵ مێرکلدا بگرێت، لەپڕ خۆی کێشا بە پێشەوەی فڕۆکەکە و زیانی پێگەیاند، مێرکل ناچار بوو بە هەلیکۆپتەرێکی تایبەتی بگەڕێتەوە بەرلین.

## ڕۆژنامەنووسێکی ئەڵمان، کتێبێکی لەسەر کورد نووسی..!




"کریستین ڕودۆلف"ژنە ڕۆژنامەنووسێکی ئاڵمانی، لەدوا سەردانی بۆهەرێمی کوردستان، کتێبێکی بە شێوەی ڕۆمان و بە ناوی "کوردستان گەشتێک بۆ ئیمپراتۆریەتی هەڵۆکان"Reise ins Reich Des Adlers لەسەر کورد نووسیوە، لەو کتێبەدا چەندین باسی لەسەر نەتەوەی کورد و کوردستان، قارەمانی و ئازایەتی پێشمەرگە باسکردوە، ئەو ژنە ڕۆژنامەنووسی بواری سەربازییە لە ئەڵمانیا و لەسەر سوپای ئاڵمان چەندین کتێبی نووسیوە، ناوبراو خۆی بە دۆستی نزیکی نەتەوەی کورد دەزانێت.

## یەکەمین هێڵی لۆری کارەبایی تاقیکرایەوە



لەم ڕۆژانە لەسەر هێڵی ئۆتۆبانی نێوان فرانکفۆرت و دارمشتاد، یەکەمین هێڵی ئەزموونی لۆری کارەبایی کاری پێکرا و بەسەرکەوتووی پرۆسەکە ئەنجامدرا، مەبەستیش لە کردنەوەی ئەو هێڵانە لەسەر ئۆتۆبانەکانی ئەڵمانیا، ڕێگرتنە لە پیسبوونی ژینگە و بڵاوبونەوەی دوکەڵی گازی لۆری و بارهەڵگرەکان، ئیتر وا هێدی هێدی لە زۆربەی ئۆتۆبانەکان ئەم هێلانە دەکرێنەوە.

## گۆڕی سەربازانی سۆڤیەت هەڵدەدڕێتەوە.



گروپێک لە نازییە نوێیەکان، چونەتە ناو گۆڕستانی سەربازی، نزیک شاری "شبرمبێرگ"ی هەرێمی براندنبۆرگ، ژمارەیەک گۆڕی ئەو سەربازە ڕوسییانەیان هەڵداوەتەوە، کە زیاتر لە ٧٠ ساڵ لەمەوپێش لەسەروبەندی شەڕی جیهانی دووەمدا، لەو گۆڕستانە نێژراون، ئەو نازیانە دروشم و هێمای نازییەتیان، لەسەر کێلەکان داناوە و جنێوی ناشیرینان بۆ نوسیوون، پۆلیس وا خەریکی لێکۆڵینەوەیە، شایانی باسە ٦٧٨ سەربازی کوژراوی ڕوسی لەناو ئەو گۆڕستانەدا نێژراون.

## موچەی پەرلەمانتاران زیادکرا.



بەپێی پێگەی "شپیگل ئۆنلاین" بێت، لەمانگی تەموزەوە بڕی ٣٠٣ یۆرۆ بۆ پەرلەماتاران زیاد دەکرێت. و مووچەی هەر ٧٠٩ پەرلەمانتاری Bundestag دەکرێتە ١٠٠٨٣ یۆرۆی پرۆتۆ، جگەلەوەش هەریەکێکیان مانگانە دەرماڵەیەکی ٤٤١٨ یۆرۆی نێتۆی هەیەو بەو حیسابەش بێت هەر پەرلەمانتارێک نزیکەی ١٤ هەزار یۆرۆ نێتۆ وەردەگرێت.

## بەرهەمی سیاسەتی کۆچ بۆ ئەڵمانیا دەردەکەوێت.




لە ساڵی ٢٠١٥ وە ئەڵمانیا دەرگای سنورەکانی بۆ کۆچبەران کردەوە و ئەوندەی پێنەچوو زیاتر لە ملیۆنێک کۆچبەری سوری وع ئیراقی و ئەفغانی هاتنە ئەو وڵاتە، لەسەر ئەمە مێرکل و حکومەتەکەی ڕەخنەی زۆریان لێگیرا، بەڵام بە پێی چاودێران ئێستا ئەڵمانیا بەرهەمی ئەو سیاسەتەی دەدورێتەوە و زۆربەی ئەو کۆچبەرانە خراونەتە ناو دەستی کاری وڵات و ڕێژەی بێکاری بە جۆرێک کەمبۆتەوە، کە لە ٣٠ بۆ ٤٠ ساڵی ڕابردوودا، بەم شێوەیە نەبووە و کۆچبەر و پەنابەران، زۆربەی بۆشاییەکانی هەلی کاریان پڕکردۆتەوە، مێرکلیش گوتوویەتی نەمگوت سیاسەتەکەمان دروستە.

## مێرکل هیچ پۆستێکی تر وەرناگرێت.


Süddeutsche Zeitung
AM WOCHENENDE
Die Chefin
Merkel strebt kein weiteres politisches Amt an

لەدوای پێشنیاری "دۆناڵد تۆسک" سەرۆکی کۆمسیۆنی ئەوروپا کە داوای کرد بوو دوای تەواوبوونی خولەی ئێستای پۆستی ڕاوێژکاریدا "ئەنجێلامێرکل" پۆستێک لەسەر ئاستی یەکێتی ئەوروپا وەربگرێت، دوێنێ مێرکل لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا گوتی: بەتەمانیم هیچ پۆستێکی ئەوروپی و غەیرە ئەوروپی وەربگرم.

## چەکی سپی قەدەغەدەکرێت.



بەهۆی زۆربوونی ڕووداوی کوشتوکوشتار و ڕێگری و چەتەیی، ئێستا پرۆژەیەک خراوەتە بەردەم ئەنجومەنی هەرێمەکان Bundesrat، کە بەو پێیە هەڵگرتنی چەقۆی لە ٦ سم درێژتر لە شوێنە گشتییەکان قەدەغەدەکرێت و نابێت کەس ئەو هۆکار و ئامێرنەیان پێبێت، کە دەبنە هۆی بریندارکردن یان کوشتنی مرۆڤ، شایانی باسە بەپێی یاسا ئێستا هەڵگرتنی چەقۆی ١٢ سم ئاساییە.

# ئەمساڵ لە هۆڵەندا تیپی شانۆی بێسنور پێی نایە بیست و پێنجهەمین ساڵەی تەمەنی هونەریەوە.

ئەمساڵ شانۆی بێسنور پێی نایە بیست و پێنجهەمین ساڵەی تەمەنی هونەریەوە، بەم بۆنەیەوە، سەرقاڵی پرۆژەیەکی کەلتورییە بە ناوی (بیست و پێنج مۆم)ەوە، ئەم پرۆژەیە تێکهەڵکێشێکە لەچەندەها چالاکی جۆراوجۆر، خواستی پرۆژەکە نیشاندانی کەلتورێکی هەمەڕەنگ و بێسنورە لە نێوان کەلتورە جیاوازەکان.



یەکێک لە چالاکییەکانی دیکەی ئەم پرۆژەیە شانۆیی (کۆبانیکا) یە، بیرۆکەی تێکستی شانۆگەریەکە لە نووسەری ئیسپانی (فرناندۆ ئارابال) خواستراوە و هونەرمەند باکۆ سۆرانی تێکهەڵکێشی کردووە لەگەڵ هەندێ چیرۆکی ڕووداوی جەنگی شاری (کۆبانی) ڕۆژئاوای کوردستان. ئامادە کردن و دەرهێنانی ئەم تێکستە هەر لە لایەن (باکۆ سۆرانی)ەوە ئەنجامدراوە... کات لە چیرۆکی شانۆگەریەکەدا دیاری نەکراوە، ڕەنگە لە هەموو شوێنێک و لەهەموو کات و ساتێکدا ئەم کارەساتە ڕوویداتەوە، "کات کاتێکی فەلسەفیە.. وەک چۆن شوێنیش شوێنێکی فەلسەفیە، واقیع و فانتازیای لەیەک پێوانەدا لە خۆگرتووە، بەرەو یەکدی وەستاون، چونکە چیرۆکی شانۆگەریەکە، گەڕانێکە بەدوای خەونی ڕاستەقینەی مرۆڤدا، کە دوور بێت لەدەسەڵات، هەروەها باس لەئازادی هەموو تاکێک دەکات" باس لەوە دەکات، کە لەم نمایشەدا خەون و ڕاستیەکان بەرەو ڕووی یەکدی دەبنەوە، پێکەوە شیکاری جیهانێکی یۆتۆپی دەکەن، ئەوەش ڕیسواکردنی جەنگ و بێهودەیی و ڕەشبینی سەردەمی شەڕ دەکات و هاوکاتیش کۆمیدیا تراژیدیە. لە نمایشەکەدا باکۆ سۆرانی دەیەوێت، خۆڕاگری و بەرخودانی تاکی کوردیی بەرز بنرخێنێت. "دوو مرۆڤی دژە جەنگ، بوون بە قوربانی و تەڵەی شەڕەوە، واقیع و خەون لەم شانۆیەدا یەکدەگرن، دوو کارەکتەرەکە بەردەوام لەترسی جەنگدا دەژین، بەڵام هەستی منداڵی خۆیان لەدەست نەداوە، هەوڵدەدەن بۆ چرکەکانی ژیان پێبکەنن و گەمەی بەردەوامی لەگەڵدا بکەن". چیرۆکەکانی ناو ئەم سانۆگەرییە چیرۆکی سادەی ژیانن ،بە لام چرووپری و ئاڵۆزی و یەکڕەنگی دەردەخەن. کەسەکان پێدەکەنن، بەبێ زەردەخەنەوە دەگریین، بەبێ دەنگ و بێ فرمێسک هاوار دەکەن.

بیرۆکەی (کۆبانیکا) بونیادی مانای فەلسەفی گۆڕاوە و خودی ئاوێتە بوونی بێهودەیی ژیانی دوو کەس دەگێڕێتەوە، کە دەگەڕێن و وێڵن بە دووی سەرفرازیی و سەقامگیریدا.


هونەرمەند حەمە بەکر مۆسیقای ئەم کارەی ئامادەکردووە و کاری نواندنیش ئەم هونەرمەندانە ڕۆڵیان تێدا بینیووە:

(بێن ئەرخەمۆند، هێنی جەنتەڵ، ئێدی کرباخن و کارۆلین دڤیت.

ڕۆژانی 24 و 25 مانگی مایسی 2019 لەشانۆی کافەچیە ڤان ماریا لە شاری ئەپلدۆرن نمایش دەکرێت، شایانی باسە ئەم شانۆگەرییە ڕۆژی 11-05-2019 یش لەشاری زایست نمایشت کرا.

# ئێستا من بەختەوەرم- وەرگێڕانی: موزەفەر عەزیز
## کچێک پاش 81 ساڵ چاوی بەدایکی دەکەوێتەوە

خۆشەویستیی دایک هەرگیز پیر نابێت،پەندێکی پێشینان وا دەڵێت،جا ئەمە چەند راستیی تێدایە،ئەوا مێژووی ئایلین ماکینی خەڵکی ئێرلەنداو ئەلیزابێسی دایکی ئەوەمان نیشان دەدەن،کە دوای دەیان ساڵ یەکتر دەدۆزنەوەو ئیدی چیتر نایانەوێ دەستبەرداری یەکتر ببن.



وێنەکە: ئایلین ماکین"81" لای چەپ دایکی ئێلیزابێسی "104" ساڵە
سەرچاوە: بیلدی ڕۆژی یەکشەممان.


گەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵی 1937 لە دوبلن: ئەلیزابیس کچێکی گەنج بوو، شووی نەکردبوو، کەچی منداڵێکی بوو: کە ئەویش ئایلینی بچکۆلانە بوو، بەڵام ئەو بەختەی دایکی، هیچ چارەی نەبوو، چونکە خانمێک ئەوێ ڕۆژێ لە ئایینزای توندی کاسۆلیکی ئێرلەندادا، گەر بەبێ شووکردن منداڵی ببوایە، دەبوو وەک دابونەریتێک منداڵەکەی خۆی ئازاد بکات و ببەخشێت، تا لە خانەی بێسەرپەرشتان بەخێوبکرێت، هەروەک لە وێنەی دووەمیشدا دیارە ئایلینی دووساڵان لەوێ بەخێودەکرێت و هەر لەوێش گەورەد ەبێت، لە تەمەنی 19 ساڵیشەوە هەوڵی گەڕان بەدوای دایکیدا دەدات. بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندی بەزۆر کەسەوە دەکات، بەرەو چەندین نەخۆشخانەش هەنگاو دەنێت، دەیان ساڵ تێدەپەڕن، کەچی هیواکانی هەرگیز نامرن. لە نیسانی 2019 دا، ئالەو سەروبەندەشدا ئایلین بۆتە ژنێکی پیر، شوویکردوە و خۆشی خاوەن منداڵە، لە لێکۆڵەرێکی ڕەچەڵەکیی خێزانەوە زەنگی تەلەفونی بۆ لێدەدرێت، پێی ڕادەگەیەنرێت کە ئەو بەبێ دوودڵی دایکی "ئەلیزابێس"ی دۆزیوەتەوە: ئەو لەسکوتلەندا دەژی، تەمەنی ١٠٤ ساڵە و ساغ و تەندروستە.

ئایلین دەڵێ: ئیتر ساتێکیش خۆم بۆ ڕانەگیراو یەکسەر بلیتێکی فڕۆکەم بڕی." بەبێ پێگوتن ڕۆژی دواتر لەبەر دەرگای ماڵی دایکی ئامادە دەبێت. دایکی دەرگا دەکاتەوە،هەردووک سەیری یەکتر دەکەن."من کچی تۆم"ئایلین وا دەڵێت، پاشتر دەداتە پرمەی گریان. دایکی بۆماوەیەکی زۆر لە ئامێزی دەگرێت و دەستی دەگرێت و چیتر بەری نادات.

ئایلین بەبیری دێتەوە: "ئێمە یەکسەر پەیوەندییەک لە نێوانماندا دروست بوو." هەردووکیان زۆر شتیان هەیە کە فریای بکەون، دەیانەوێت بەردەوام یەکتر ببینن.

ئایلین دەیگوت: بەدرێژایی تەمەنم ئەو ژنە نەناسراوەم خۆشدەویست، ئێستا من بەختەوەرم."

## هەرجارەی هونەرمەندێکی کورد



### ئیسماعیل خەیات

هونەرمەند مامۆستا ئیسماعیل خەیات لە ساڵی 1944 لە شاری خانەقین لە باشوری کوردستان، لە دایک بووە.

ساڵی 1966 خانەی مامۆستایانی بەعقوبەی تەواو کردووە، نزیکەی 50 پێشانگای تایبەتی لە کوردستان کردۆتەوە لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و ئینگلتەرا کردۆتەوە، ساڵی 2004 خەڵاتی داهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێبەخشراوە.

ساڵانێک مامۆستای پەروەردەی هونەر بووە, لە قوتابخانەکانی سلێمانی و ئەندامی کۆمەڵەی شێوەکارانی عێراق و شێوەکارانی جیهانییە، لەساڵی 1992–1998 بەڕێوبەری هونەری شێوەکاری بووە، لە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان.


مامۆستا ئیسماعیل خەیات، لە سەرجەمی کارەکاندا بە شێوازی تەعبیری ئیشی تێدا کردوون و بەو شێوازە ناسراوە. بەڵام لەم دواییەیدا گۆڕانکارییەک لە ئیشەکاندا دروست بووە، ئەویش ئەوەیە کە جاران کارەکانی ڕەش و سپی بوون بەڵام ئێستا ڕەنگی دیکەیش بەکار دەهێنێت. بابەتەکانی ناو تابلۆکانی وەک خۆی دەڵێت: هەوڵدانە بۆ خستنە ڕووی کولتوری کوردی لە ڕێگەی "ماسی و باڵندە و دەمامک" جگە لەمانەیش ئیشکردن لەسەر ژن یەکێکی دیکەیە لە کرۆکی بابەتی تابلۆکانی، کە سەرجەمیان بەشێوازی تەعبیریی مۆدێرن ئیشیان لەسەر کراوە. ئیسماعیل خەیات وەک هونەرمەندێکی کورد لەسەر ئاستی جیهان ناسراوە، بەشێک لە کارەکانی پەیوەندی بە تراژیدیای میللەتی کوردەوە هەیە "هەڵەبجە و ئەنفال" چەقی کارەکانێتی.

مامۆستا ئیسماعیل خەیات ئێستا خانەنشینە و هەموو کاتەکانی تەرخان کردووە بۆ کاری هونەری و ماڵەکەی خۆی کردۆتە گەلەرییەکی تایبەتی لە سلێمانی. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.facebook.com/ismail.khayat.1/photos_albums?sk=wall&lst=100001818168085%3A100000396791245%3A1558316884


















# تاراوگە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807